# سوننەتی وەسێت کردن

[ كردي – كوردی – kurdish ]


احسان بورهان الدين

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ الوصية الشرعية ﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# سونەتی وەسێت کردن

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خير الأنبياء و المرسلين سيدنا محمد و على آله وصحبه أجمعين.
یەکێك لەو سوننەتانەی فەرامۆش کراوە لەلای موسوڵمانانی ئەم سەردەمە، سوننەتی وەسێت کردنە، پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك گەنج بێت یان پیر، ساغ بێت یان نەخۆش، دەوڵەمەند بێت یان هەژار، وەسێتی خۆی بنووسێت و لە جێگەیەکدا داینێت بۆ ئەوەی لەپاش مردنی بخوێنرێتوە و جێبەجێ بکرێت، لەراستیدا وەسێت کردن زۆر کێشەی دینی و دونیایی چارەسەر دەکات و، موسوڵمان لەپاش مردنی پەشیمانی ناکێشێت فڵانە مەسەلە و فڵانە کێشە، بڵێ خۆزگە وەکو ئەستۆ پاکی بۆ خۆم وام بوتایە.
پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:
" ما حق امرئ مسلم له شيء يوصي فيه يبيت ليلتين إلا ووصيته مكتوبة عنده " متفق عليه.

واتە: حەقە و پێویستە لەسەر هەموو مسولمانێك دوو شەوی بەسەردا تێنەپەرێت شتێکی هەبێت تاکو راسپاردەکەی لەلای سەریدا نەنابێت.
ئیبنوعومەر رەزای خوای لێبێت دەفەرموێت:
لەو کاتەوە گوێم لەو فەرموودەی پێغەمبەر بووە صلى الله عليه وسلم شەوێکم بەسەردا تێپەر نەبووە راسپاردەم لەلا نەبێت.
وەسێت شێوازی زۆرە و هەرچۆن بنووسرێت هەردەگونجێت بەمەرجێ ئامانجەکە بپێکێ، ئەمەش یەکێکە لەو شێوازە کە لە هەندێ لە ئەهلی عیلمەوە وەرم گرتووە.
بسم الله الرحمن الرحيم
من کە ناوم ........................ ئەمەیە راسپاردەکەم لەپاش خۆم شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك و پەرستراوێك نییە جگە لە (الله)، موحەممەدیش صلى الله عليه وسلم پێغەمبەر و بەندەی خوای گەورەیە، قیامەتیش بێگومان هەڵدەستێت و خوای گەورەش مردووەکان زیندوو دەکاتەوە، وەسێت دەکەم بۆ کەسوکارم لەپاش مردنم لە خوا بترسن و

خۆیان چاك بكەن و گوێ ڕایەڵی فەرمانی خوا و پێغەمبەركەی بن صلی الله علیه وسلم ئەگەر خۆیان بەئیماندار دەزانن.
{وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ}سورەتی البقرة ١٣٢.
وەسێت بەم مەسەلانەی خوارەوە دەكەم:
١- هەندێك پیاوچاك ئامادەبن لەلام لەسەرەمەرگمدا بۆ ئەوەی یادم بخەنەوە كە گومانی چاكە بە خوای خۆم ببەم.
٢- شایەتومان بخەنە سەر زارم.
٣- دوعای چاكەم بۆ بكەن و تەنها قسەی باش بكەن لەلام.
٤- هەركاتێكیش مردم و گیانم دەرچوو، با چاوم بنوقێنن و داوای لێخۆشبوونم بۆ بكەن لەلای خوا.
٥- هەروەها ڕاسپاردە دەكەم بۆ كەس و كارم ئارام بگرن لەسەر مردنم و بڵێن: (إنا لله و إنا إلیه راجعون)
٦- ئامادەم بكەن بۆ ناو گۆڕ و پەلەی تێدا بكەن، مەگەر پاساویكیان هەبێت بۆ دواخستنم، وەكو چاوەڕوانكردنی پیاوچاكێك كە نوێژم لەسەر بكات.
٧- هەروەها وەسێت دەكەم كەس قیژە و گریان بەدەنگی بەرز لەسەرم نەكات و من بەریم لەو كارە.
٨- بەهەمان شێوە بەریم لەو كەسەی بەنێوچەوانی خۆی بدات لەسەر من یان كراسی بدڕێت.
٩- لێیشیان قەدەغە دەكەن كە بە شێوەیەكی ناشەرعی باسی مردنەكەم نەگێڕنەوە.
١٠- ڕاسپاردەیان پێ دەكەم پاش ئەوەی چاوەكانم دەنوقێنن بە پۆشاكێك دەمدەپۆشن كە هەموو لاشەم بگرێتەوە و ئاساییە ئەگەر مەحرەمەكانم ماچم بكەن.
١١- هەروەها ڕاسپاردەیان پێ دەكەم كە قەرزەكانم بۆ ببژێرن ئەگەر بە هەمووماڵەكەشم بژاردوویانە، ئەمەی لای خوارەوە قەرزەكانمە:
..................................
..................................
١٢- سێ جار یان زیاتر با بشوردرێم، بەڵام با تاك بێت، با سابوونیش بەكار بهێنن و دوا جاریش هەندآ گوڵاو یان بۆنێكی خۆشم لێبدەن و لەلای ڕاستیشەوە دەست پێ بكەن.
١٣- ڕاسپاردە دەكەم كەسێكی شارەزا لە سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بمشوات، بەتایبەتیش ئەگەر لە كەسوكاری خۆم بێت چاكترە و مەبەستیشی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت.
١٤- پاشان كفنم بكەن و پارەی كفنەكەش با لەماڵی خۆم بێت و هەموو لاشەم داپۆشێت و سپی بێت.
١٥- با لە مەسەلەی زیادەڕەوی نەكەن لەڕووی نرخ و زیادكردنی لە سێ قارچە چونكە ئەوە ئیسرافە.
١٦- پاش ئەوە با موخۆر بەكاربهێنن و بۆ بۆنخۆشكردنی تەرمەكەم.

١٧- پاشان داوا دەکەم چەند کەسێك جەنازەکەم هەڵگرن و، بمبەن بۆ جێگای نوێژکردن لەسەرم ئەوەش مافی خۆمە لەسەر برا موسوڵمانەکانم، تاکو زۆرتریش بن بۆ من چاکترە.
١٨- وەسێتیش دەکەم ئافرەت دوای جەنازەکەم نەکەوێت و، خەڵکی لەو کاتەدا بێدەنگ بن و تەنانەت بە زیکری خوای گەورەش دەنگ بەرز نەکەنەوە.
١٩- وەسێت دەکەم لەو کاتانەی نوێژکردن قەدەغە کراوە نەنێژرێم.
٢٠- هەروەها راسپاردە دەکەم تەرمەکەم بە پەلە بگوێزنەوە بۆ گۆرستان کەسوکارەکانی خۆیشم لەپێشترن بۆئەوەی دامگرنە نێو گۆرەکەم با لەخوار گۆرەکەشەوە دامبەزێنن.
٢١- وەسیت دەکەم بۆ ئەو کەسەی دامدەگرێتە ناو گۆرەکەم بڵێت:
( بسم الله و علی ملة رسول الله)
٢٢- هەروەها راسپاردە دەکەم لەسەر گۆرەکەم نەنووسرێت و گۆرەکەم بەرز نەکرێتوە لە بستێك زیاتر.
٢٣- راسپاردەش دەکەم ئەو تەڵقینە داهێنراوە دوورودرێژە کە بەسەردا نەخوێنرێتەوە.
٢٤- داواش دەکەم لە پاش مردن دەنێژرێم خەڵکەکە ماوەی سەربرینی مەرێك و دابەشکردنی گۆشتەکەی با راوەستن لە لام (نزیکەی یەك سەعات) و داوای لێخۆشبوون و جێگیربوونم بۆ بکەن یەریەکە و تەنها دوعام بۆ بکات نەك بە کۆمەڵ.
٢٥- کارێکی شەرعیشە لە پاش مردنم کەس و کارم سەرەخۆشیان لیَ بکرێت بەڵام لەشوێنێکی دیارکراودا کۆنەبنەوە.
٢٦- هەروەها وەسێت دەکەم چلە و سەرساڵ و ئەو شێوە بیدعانەم بۆ نەکرێت.
٢٧- با لەپاش گەرانەوەیان کەس و کارم خواردن درووست نەکەن بەڵکو بۆیان درووست بکرێت.
٢٨- داواش دەکەم لە کەس و کارم بەزۆری دوعام بۆ بکەن ئەگەر قەرزاری رۆژووم بووە بۆ من بگرنەوە.
٢٩- وەسێتیش دەکەم بۆ مناڵەکانم لەپاش خۆم لە خوا بترسن و کردەوەی چاکە بکەن و صەدەقە و حەج و عومرە بکەن، چونکە پشکێکی بەری من دەکەوێت إن شاء الله.
٣٠- کەس و کاریشم دەتوانن سەردانی گۆرەکەم بکەن بۆئەوی ئامۆژگاری وەربگرن بەمەرجێك هیچ قسەیەك نەکەن خوای گەورە برەنجێنێ.
٣١- وەسێتیش دەکەم صەدەقە بکرێت لە ماڵەکەم بۆ هەژار و نەدار، بەتایبەتی ئەمانەی خوارەوە کە ناویانم نووسیوە، چونکە مافی خۆمە لە سێ یەکی ماڵەکەمدا خێر بکەم.

| ژ | ئەو کەسەی وەسێتی بۆ کراوە | ئەوشتەی وەسێت کراوە بیبەخشێت |
|---|---|---|
| | | |

جگە لەوانەش با ماڵەکەم بەپێی قورئان و سوننەت دابەش بکرێت ئەمە بوو کە بەندەی خوا (....................) وەسێتی پێمکرد لەکاتی تەندرووستیدا، داوا دەکەم کەس و کارم لەپاش خۆم جێبەجێ بکەن.
حاشاش دەکەم لە هەر قسە و کردەوەیەك بەپێچەوانەی وەسێتەکەم ئەنجام بدرێت، مەگەر کارێکی شەرعی بێت من پێم نەزانیبێت.
{فَسَتَذْكُرُونَ مَا أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ}
سورەتی غافر ٤٤.
هەرکێ وەسێتەکەم بگۆڕێت یان بەپێچەوانەی وەسێتەکەم هەلس و کەوت بکات گوناحی لەسەر خۆیەتی:
{فَمَنْ بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ}سورەتی البقرة ١٨١.
هەروەها وەکو گوێڕایەڵی بۆ خوای گەورە کە فەرموویەتی:
{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ} سورەتی المائدة ١٠٦.
بۆیە ئەم کەسانەی خوارەوە دەگرم بە شایەت:

| شایەت | شایەت | خاوەن وەسێت |
| --- | --- | --- |
| | | |